www.kurdistannet.org
17-10-2006 13:31 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# له م شه وه دا ... ئاراس قه ره دا غی

لەم شەوەدا
خه ڵکی وه کو دارستانێک
خۆشیان لێ بووه به (با ) و
به هه موو لایه کدا
سه مایان پێ ده کا
له م شه وه دا
خه می تاڵم لێ بووەبه
سه گێکی برسی و
بەدەم ئەم ڕێ یەوه
ووردەووردەخەریکه
لەشم ئەخوا
له م شه وه دا
یادی خۆشه ویستی تۆ
بۆته دڵۆپێک خوێن و
خه ریکه له گه ڵ ئازاره کانی
له شم
به ره و ئاسمان
ڕێگا بۆ خۆی نیشان ئه دا
له م شه وه دا
وا خەریکەبۆ بینینت
چاوەکانم وێڵ دەبن و
ئازاره کانیشم بەدەم شەماڵی
خەمەوەیادگاریەکانی
لێ ئەبێتەسێبەرێک و
خۆرێک خۆی تیا شاردۆتەوە.

1992